# شێتی دەوڵەت نیم.. بەڵام!

د.هەژار مەعروف . ئەڵمانیا

(١٩٢١) بەزۆری چەك و دژی ئیرادەی خەڵكی كوردستان و ڕابەرایەتیەكەی (شێخ مەحمودی نەمر) كردیانین بە بەشێك لە دەوڵەتی پاشایی عێراقی تازە دەسكردی بەریتانیای سەركەوتو لە شەڕی جیهانیی یەكەم. ئیتر لەو ڕۆژە شومەوە نە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئینگلیزەكان، نە سۆزومەرحەمەتی مەلیكە گەورەو بچكۆلەی (ئەولادی پێغەمبەر د.خ)، نە كۆمارە دیموكراتی و پێشكەوتنخوازەكەی عەبدولكەریم قاسم و، نە حوكمی پانعەرەبی نەتەوەیی سەربەجەمال عەبدولناسرو نەجوتەبرای عەبدولسەلام و عەبدولڕەحان عارف، هیچ كامیان نەیانتوانی ژیانێكی شایستەی مرۆڤ بۆ خەڵكی عێراق بەگشتی و كورد بەتایبەتی دابینبكەن. ڕژێمی تاكحیزبیی سۆشیالیستی نەتەوەیی بەعسی چەپ و ڕاستیش،كە حیزبی شیوعیی عێراقی لە ١٩٧٣ وە هەتا ١٩٧٨ لەبەرەی پێشكەوتنخوازی و دژی ئیمپریالیزم بوو لەگەڵیدا، درێژەیدا بەم ڕێبازە و، بە كیمیایی و ئەنفال و تەعریب ی كوردستان تاجی ئەبەدیی تاوان و شەرمەزاریی خستە سەر ئەم سیاسەتە. بەلای كەمەوە لە دوای جەنگی جیهانیی دوهەمەوە جڵەوی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و ئابوری و ئیعلامی لە دەستی توێژی سیاسی عەرەبی موسڵمانی عێراقدابوەو لە بەغدای پایتەختەوە بە بروسكەیەك كارمەندێكی كوردی بەرومەت و ناسیاسی- ئەوە باسی كوردی چڵكاوخۆرو نۆ(كەر) ی ڕژێم هەرناكەم!؟- لە دورترین كوێرەدێی كوردوستانا ناچاركراوە، زۆرجاران نەك هەر لەدژی سودی گەلەكەی و دژی قەناعەتی شەخسیی خۆی بەڵكو لەدژی هەموو یاسایەكی عەقڵ و ویژدان ، ئەمرۆ فرمانی ئاغا دەسەڵاتدارە عەرەبە موسڵمانەكەی بێ چەنوچون پیادەبكات. وەزیرە كوردەكان لە حكومەتە جۆربەجۆرەكاندا هیچ شتێكی ئەوتۆگرنگیان لەم واقیعە نەگۆڕیوە. دەڵێن كوردێك دەچێت بۆلای تەها محێدین ی كوردی جێگری سەرۆك كۆماری عێراقی سەردەمی سەددام بۆ ڕزگاركردنی خزمێكی بێتاوانی لە زیندان یا لە حوكمی لەسێدارەدان، كاكە تەها لەوەڵاما دەڵێت ( بۆ كارێكی ئاوا دەبێت واسیتەیەكی گەورەت هەبێ لە حكومەتدا)، ئەویش دەڵێت: مەگەر تۆ دوهەم گەورەبەرپرسیارنییت لەم حكومەتەدا؟ ٤٢ ساڵە( لە ١٩٦١ وە) كورد ناچاركراوە بەشەرێكی نابەرابەری لەسەرخۆكردنەوە یا بەوەی هەمیشە لەحاڵەتی شەڕو نائارامی و ترس و دڵەڕاوكەدابێت.

ئەو شەڕوەستان و ئاشتیەی لەگەڵی كراوە كاتی و درۆ و ناپاك بوە. لە سەرەتای ٧٠ كانا كاتی ئاشتی لەگەڵ بەعسا هەوڵی كوشتنی ئیدریس بەرزانی لە بەغداو دواتریش هی باوكی ( مەلامستەفا) خوا لێیان خۆشبێت- درا. لەوشەڕانەی دەوڵەتی عێراق كردونی : ١٩٤٨، ١٩٦٧، ١٩٧٣ لەگەڵ ئیسرائیل، ١٩٨٠-١٩٨٨ لەگەڵ ئێران، ١٩٩٠ لەگەڵ كووەیت ، ١٩٩١ ، و ٢٠٠٣ لەگەڵ ولاتەیەكگرتوەكانی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی ، كورد پرسی پێنەكراوەوناچاریشكراوە وەك هەر عێراقیەكی تر بەشداربێت تێیاندا ،گەلێك جاریش بە نارەواو لە ڕق و كینەدا نێردراوەتە پێشپێشەوەی بەرەی شەر.لە شەڕی ئێراندا ولاتەكەی كراوەتە مەیدانی ئەو شەڕە وێرانكارە. لەكاتێكدا ئینسانی كورد هەرچەند كیلۆمەترێك لەولای بیرەنەوتەكانی كەركوكی كوردستانەكەیەوە لە بێ نەوتی لە تاریكی و لەسەرمادا هەڵلەرزیوە. لە پارەی نەوتی ولاتەكەی بە بەخشندەیی بەخشراوەتەوە بە ولاتانی عەرەبیی دۆست ی كەمدەست(میسر، یەمەن، فەلەستین . ...).

ئەمێستایش نەتەوەپەرستیی بەعسی و نابەعسیی و ئیسلامیی(بەتایبەتی سونني) عەرەبیی ناوەوەو دەرەوەی عێراقی پاش سەددام ، بەئاشكرا و بەنهێنی دانەچێرە لە كورد دەكەن و ئاوات بەورۆژە دەخوازن كە ئەمریكێكان كوردستان و عێراق جێدەهێڵن. هەندێ لە ئەندامە عەرەبەكانی ئەنجومەنی كاتیی كە ٥ كوردی تێدایە عێراق بە بەشە كوردستانەكەیەوە بە بەشێك لە نیشتمانی عەرەبدادەنێن.

شیعەش كە كورد دڵی پێی خۆشە، لەناوخۆیدا ناكۆك و ناتەبان و باڵێكی سیاسی كە (موقتەدا سەدر) قسەكەریەتی بە ڕون و ئاشكرا دژی كوردە. بە داخ و كەسەرێكی زۆرەوە عەبدوالمجید الخوئی و محمد باقر الحكیم كە دو ڕابەری شیعەی میانەڕەو و ئاشتیخواز و كورددۆست بوون بە دەستی هاوبەشی تێرۆریستانی نەتەوەپەرستی عەرەب و ئیسلامیی و دژبەكورد شەهیدكران.

لەمەڕ كوردیشەوە دەسەڵاتی سیاسی كوردی بە هەردو باڵە سەرەكیەكەیەوە بەهەموو كەموكوڕی و هەڵەو بگرە تاوانەكانیشیەوە- شەڕی براكوژی لەپێش هەمویانەوە- بەلای كەمەوە لە وەستانی شەڕی نێوان پارتی و یەكێتیەوە لە ساڵی ١٩٩٧ بەملاوە سەلماندی بۆ دونیا كە گەلی كورد دەتوانی حوكمی خۆی بكات و ژیانی ناوخۆی بەڕێوەبەرێت و لەسەرپێی خۆی ڕاوەستێت.هەردو ئیدارەی كوردی لە سلێمانی و هەولێرەوە لەم ساڵانەی دوایدا توانیویانە لەڕوی ئاوەدانكردنەوەی كوردوستان و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆو ناساندنی كۆمەڵی كوردوستان بە دەسگاكانی ژیانی سیڤیل و مەدەنی و دیموكراسی و مافی مرۆڤ و لەڕوی چالاكیی دیپلۆماسیەوە لە دەرەوەی ولات هەنگاوی باش و بەرچاویان ناوە.

ئەگەر هەردو ئیدارەی كوردی یەكبگرنەوە و حكومەتێكی نیشتمانیی پان و بەرین لە پارتی و یەكێتی و حیزب و كەسایەتیە دڵسۆزەكانی كوردو كەمایەتیەكانی كوردوستان پێكبێنن - كە دەبوایە لەمێژە بیانكردایە- ئایا حاڵەتێكی ئاوا ئەگەر دەوڵەت نیە بەڵام بێ دانپیانانی نێونەتەوەیی ئەی چیە؟ بەڵام دەوڵەتانی دونیا لەخۆڕا چۆن دێن تۆ بەرەسمی بناسن و باڵیۆز بنێرنە ولاتەكەت كاتێك تۆ خۆت داوای ئەمەیان لێنەكەیت؟ باڵیۆز بنێرنە

هەولێر یا سلەیمانی؟ سەلاحەدین یا قەڵاچوالان؟

بەڕاستی ئەوەی کاك مەسعود بارزانی گەلێك جار لە بۆنەو دیدارەکانا دو بارەی دەکاتەوە کە کورد چیدی قبوڵی ناکات هاوڵاتی ژمارە دو بێت لە عێراقدا، بۆ ئەم قۆناغەی خەباتی کوردایەتی دروشمێکی کەم و ناستراتیجی و گشتیە، نادوربین و ناکۆنکرێت وناپراگماتیك و تیۆریە. چونکە بە چەند وەزیر و بگرە سەرۆك کۆمارێکی کورد بۆ چەند ساڵێك لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقا ئیتر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە سەرتاسەری عێراقدا خۆبەخۆ نابنە هاوڵاتی ژمارە یەك. عەرەبی عێراق بەقورسایی ٣ ئەوەندەی ژمارەکەی لە چاو ژمارەی کوردا و بەو قوڵاییە ستراتیجیە عەرەبییە گەورەیەی کەهەیەتی و لە دژی کوردیش بەکاریهێناوە ( سوپای سوریا لە ١٩٦٣ بۆ پشتگیریی ڕژێمی بەعس لە لێدانی پێشمەرگەی کوردستان هاتە ناو عێراقەوە، موتەتەوەعینی عەرەب هەرئێستاو وەك پێش ڕوخانی ڕژێمی سەدام یش دەورێکی گەورە دەبینن لە لێدانی هێزەکانی ئەمریکادا) ، ئەم واقیعە نەگۆڕە والەتای ترازوی هێز دەکات کە دوور یانزیك دەسەڵاتی سیاسی هەر بەلای نەتەوەپەرستانی عەرەبدا بکەوێتەوەو ببینەوە بە هاوڵاتیی ژمارە ٢ و ٣ و بگرە بمانکەنە میوان لەسەر خاکی هەزارساڵەی داپیر و باپیرمان!من موچڕکە سەرتاسەری وجودم دادەگرێت کە ئەگەری گەڕانەوەی سوپاو هێزەکانی ئاسایش و ئیستیخباراتی عێراقی بۆ کوردوستان بە مێشکمدا گوزەر دەکات. ئێستاش دوای ١٧ ساڵ کە عێراقم جێهێشتوە هیشتا خەونە تۆقێنەر و ترسناکەکان پێیانەوە وازیانلێنەهێناوم.

بۆیە کورد لەعێراقا دەبێت بە فیدرالیی مسۆگەرکراو لە دەستوری هەمیشەیی عێراقا کەمتر ڕازی نەبێت و دەنگدان لە سەرتاسەری عێراقا لەسەر فیدرالی ڕەدبکاتەوە چونکە زۆرایەتی بەدیناهێنێ، هەرچی کەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی عەرەبی هەیە( الجزیرەو..) هەموی دژی فیدرالی بۆ کوردستان دەکەونە پڕوپاگەندەودرۆ و دەلەسە، وە دەبێت گەرەنتیی پاراستنی ئەم فیدرالیە لەلایەن هێزێکی سەربازیی پێکهاتوو لە ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش: ئەمریکا و ڕوسیاو چین و فەرەنساو بەریتانیا، دامەزراو لەسەر سنوری کوردستان دابینبکرێت.

بەڵام ئەی بۆ هەرئێستا داوای دەوڵەتی کوردی نەکەین و نەیخەینە سەر پلانی کاری ڕۆژانەمان. جورج برناردشۆی دانا دەڵێت: (تۆ شتێك دەبینیت و لەخۆت دەپرسیت بۆ، بەڵام من خەون بەشتێکەوە دەبینم کە هەرگیز نەبوە،و دەڵێم بۆنا ؟).